# وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی

## ڕێنمایی ژمـارە ( ١ ) ی سـاڵی ٢٠٠٩
## مۆڵەتدانی سزادراوان لە فەرمـانگەکـانی چـاکسـازی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردسـتان

بەپێ ی ئەو دەسەلاتەی پێمان دراوە لە یاساو سیستەمی چاکسازی کۆمەڵایەتی ژمارە (١) سالی ٢٠٠٨ ئەم ڕێنمایەی خوارەوەمان دەرکرد:-

١-پێ دانی مۆڵەت هەموو ئەو سزادراوانە دەگرێتەوە کە لەلایەن دادگاکانی حکومەتی هەرێم سزادراون و نێردراون بۆچاکسازی جگە لە وانەی کە لە ماددەی ٤٠ خالی (٥,٢,١)سیستەمی چاکسازی هاتووە .

٢-مۆڵەتەکە دەبێت لە (٥) پێنج ڕۆژ جگە لە ڕۆژانی چوون و هاتنەوە تێپەر نەکات.

٣- پێویستە سزادراوەکە چارەکی ماوەکەی لە ناو چاکسازیدا بەسەر بردبێت کە لە ساڵێك کەمتر نەبێت پاش ئەژمار کردنی کەمکردنەوە و ماوەی ئازادکردنی بەمەرج وە هەرسێ مانگ جارێك ئەم مۆڵەتەی پێ بدریت.

٤- پێکهێنانی لێژنەیەك بە ناوی (لێژنەی هونەری) کە پێکهاتبێت لە ( توێژەری کۆمەڵایەتی و یاسایی و مەئموری چاکسازی ) بۆ پێشکەش کردنی ڕاپۆرتی پێویست و پەسەند کردنی ڕاپۆرتەکە بە کۆی دەنگ و ڕەزامەندی بەڕێوەبەر.

٥- دانانی بارمتەی پێویست لە بانك بە ناوی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ئەو شارەی چاکسازی لێیە بە بڕێك کە لە (٢٠) بیست ملیۆن دینار پتر نەبێت و لە (٥) پێنج ملیۆن دیناریش کەمتر نەبێت وە گەڕانەوەی بارمتەکە تەنها بە واژۆی بەڕێوەبەر دەبیت.

٦- پێکهێنانی لێژنەیەك لە ( بەشی یاسا + ژمێریاری + توێژەر ) بۆ دیاری کردنی پارەی دیاری کراو بە پێی ماوە و جۆری سزاکە و ڕەزامەندی بەڕێوەبەر.

٧- هەر مۆڵەت دراوێك کە دواکەوت لە گەڕانەوەی بۆ چاکسازی کە لە (٣) سێ ڕۆژ تێپەڕ نەکات ، بۆ بەڕێوەبەری گشتی هەیە ئەم ماوەیە بخاتە سەر ماوەی سزاکەی ئەگەر هاتو دڵنیا بوو لە بوونی هۆی ڕاستەقینە بۆ دواکەوتنەکە ، ئەگەریش دڵنیا نەبوو ماوەکە دەخاتە سەر مـــاوەی سزاکـــە و مۆڵەت دانیشی بۆ مـــاوەیەك قەدەغە دەکـــات .

٨- هەر سزادراوێك بە پتر لە یەك تاوان سزادرابوو وە یەکێك لەم سزایانە ڕێگر بوو لە پێدانی مۆڵەت ، پێویستە تا ئەو سزایە تەواو نەکات مۆڵەتی نەدرێتێ.

٩- هەر سزادراوێك کە دەست ڕەنگین بوو وە سودی بە چاکسازی گەیاند بەڕێوەبەری گشتی بۆی هەیە لە سەر پێشنیاری لێژنەی هونەری و ڕەزامەندی بەڕێوەبەر مۆڵەت بداتە ئەو دەست ڕەنگینە بە مەرجێك لە و ماوەییەی کە لە سیستەمەکە دیاری کراوە پتر نەبێت.

١٠- هەر سزادراوێك بۆ (٣) سێ جار پێشێلی کرد لە هاتنەوەی پاش مۆڵەت دانی ، مۆڵەتی لێ قەدەغە دەکرێت.

١١- ئەم مۆڵەتە تەنها سزادراوانی دانیشتووی سنووری هەرێمی کوردستان دەگرێتەوە.

١٢- بەڕێوەبەری گشتی بۆی هەیە لە ساڵێك دوو جار بۆ ماوەی (١٠) دە ڕۆژ جگە لە ڕۆژانی چوون و هاتنەوە مۆڵەت بداتە نەوجەوانان بەپێ ی ئەو ڕێنمایە.

عدنان محمد قادر
وەزیر

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد